فینلەندا ڕەژی چوارشەممە بەیاریدا کونسوڵخانەیەکی ڕوسیا لە تورکە لە باشوری وڵاتەکە دابخات

فینلەندا ڕەژی چوارشەممە بەیاریدا کونسوڵخانەیەکی ڕوسیا لە تورکە لە باشوری وڵاتەکە دابخات وەک وەڵامدانەوەیەک بە کردەوەیەکی هاوشێوەی ڕوسیا.

نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی فینلەندا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لە سەرەتای مانگی 10ەوە کونسوڵخانەی ڕوسیا لە تورکە لە باشوری ڕۆژئاوای فینلەندا دادەخات، لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونیکردەوە کە ئەم بڕیارە وەک وەڵامدانەوەیەک دێت بە داخستنی کونسوڵخانەی فینلەندا لە سانت پێترسبەرگ کە ڕوسیا لە 6ی مانگی حەوتدا ڕایگەیاند.

مەسکە ئەم بڕیارەی وەک وەڵامدانەوەیەک بە دەرکردنی نە دیبلۆماتکاری ڕوسی لە فینلەندا لە مانگی حوزەیراندا دەرکرد بەهۆی چالاکییە هەواڵگریەکانیانەوە بە وڵاتی ڕوسیا، ئەمەش بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی پێشووتری وڵاتی فینلەندا.

ئەفیسی سەرۆک وەزیرانی فینلەندا ڕاشیگەیاند کە چارنووسی کونسوڵخانەی ڕوسیا لە ماریهام لە دوورگەی ئەلاند لەژێر گفتوگۆدایە و تا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە.

پێیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر بوون دوای جەنگی ڕوسیا بە سەر ئۆکراینا لە مانگی دووی 2022.